*Journal of Language Studies Vol. 2, No. 3 , 2019 , pages ( 242-264)*

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

**Journal Of Language Studies**

Contents available at: http://jls.tu..edu.iq

# The Influence of Syntax on Learning The Second :The Example of Kurdish and Arabic

**Asst. Inst. Sirwan Samin Ahmed***

**Asst.Inst. Aram Rashid Majeed**

**Kirkuk University**

**E-Mail:**Hyousif@tu.edu.iq

**Keywords:**

Influence

Syntax

Second language

Learning

**Article Info**

**Article history:**

-Received: 12/2/2019

-Accepted : 15/3/2019

Available online : 30/6/2019

**Abstract**: The research entitled (Effect of syntax level in learning the second language - Kurdish and Arabic language model). The aim of the research is to determine the effect of syntactic structures especially phrase structure in the process of learning the second language. The research is divided into three sections. The first section presents a theoretical framework on linguistic concepts and theories in the process of learning the second language. In the second part of the research we identified the syntactic structures and phrases in the Kurdish language. Among the phrases: noun phrase, verb phrase, adverb phrase and adjective phrase. We also defined concepts; such as: head, complement and adjunct in the structure of the internal structure of the phrases. We introduced syntax, sentence structure, and phrases order in sentence. The third part of the research is devoted to the syntactic structures and phrases in the Arabic language. We introduced the structure and structure of the sentence and the order of phrases syntax sentence. We discussed the concept of (Ordering) in the Arabic sentence. We also identified the similarities and differences between the structure of the phrases in the two languages (Kurdish and Arabic), and the most important research findings that knowledge of similarities and Syntactic differences between the two languages is a factor in the learning of the second language .

* * * **Corresponding Author**: Asst. Inst. Sirwan Samin Ahmed - **E-Mail:**Hyousif@tu.edu.iq. **Tel :**009647701715071 ، **Affiliation :** Tikrit University, College of Education for Women – Iraq.

# کاریگەریی سینتاکس لە فێربوونی زمانی دووهەمدا

## (زمانی کوردیی و عارەبیی بەنموونە)

---

م. ی. سیروان سمین أحمد
(زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە
بەشی زمانی کوردیی)

م. ی. ارام رشيد مجيد
(وەزارەتی پەروەردە- پەرەروەردەی کەرکوک)

**الكلمات المفتاحية :**

التأثير
النحو
اللغه الثانية
التعلم

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث :**

الاستلام : 2019/2/12

القبول :2019/3/15

التوفر على الانترنت : 20/6/2019

**الخلاصة:** البحث بِعنوان (تأثير المستوى النحوي في تَعليم اللغة الثانية – اللُغة الكوردية و العربية نموذَجاً). يَهدِف البحث الى تحديد أثَر المُركبات و العِبارات النحوية في عملية تعليم اللغة الثانية. ينقسم البحث الى ثلاثة أقسام. في القسم الأول عَرَضنا أطار نَظَري حَولَ المفاهيم و النَظريات اللغوية في عَملية تعليم اللغة الثانية. وفي القسم الثاني من البحث حَدَدنا المركبات و العِبارات النَحوية في اللُغة الكوردية. مِن ضمن العِبارات: العِبارة الأسمية، العبارة الفعلية، العبارة الظرفية و العبارة الوصفية (الصفة). وكذلك حَدَدنا مفاهيم: الرأس، المُكمِلات و المُكونات الثانوية في أطار البُنية الداخلية للعِبارة. وعَرضنا تركيب و بُنية الجملة و ترتيب العِبارات في بَنية الجُملة. القسم الثالث من البحث خُصِصت لِلمستوى النحوي في اللغة العربية. حيثُ حَدَدنا المركبات و العِبارات النَحوية في اللغة العربية، وعَرضنا تركيب و بُنية الجملة و ترتيب العِبارات بَنية الجُملة. وبَحَثنا في مفهوم (الرتبة) في الجملة العربية. وكذلك حَدَدنا التشابه و الاختلاف بين بُنية العِبارات في اللغتين، وأهم ما توصل اليه البحث؛ أن معرفة التشابه و الاختلاف النحوي بين اللغتين عامِلٌ مؤثر في تعليم اللغة الثانية.

## پێشەکیی

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەویە بەناونیشانی (کاریگەریی سینتاکس لەسەر فێربوونی زمانی دووهەمدا – زمانی کوردیی و عارەبیی بە نموونە)یە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە دروستەی فرێزەکانی زمانی کوردیی و زمانی عارەبیی دەکۆڵینەوە، هەروەها لەسەرەوڕێزبوونی کەرەستەکانی هەردوو زمانەکە لە ئاستی سینتاکسدا. داتا و نموونەکان بۆ زمانی کوردیی لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا وەرگیراون، بۆ زمانی عارەبییش؛ داتا و نموونەکان لە زمانی ستانداردی عارەبییەوە وەرگیراوە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕێبازی (وەسفیی – شیکاریی) ئەنجامدراوە. سەرەتا یاسا و ڕێساکان خراونەتەڕوو، دواتر شیکردنەوە بۆ نموونەکان کراوە.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:** لە لێکۆڵینەوەکەدا دروستەی سینتاکسیی زمانی کوردیی و زمانی عارەبیی خراوەتەڕوو، دواتر لایەنە لەیەکچوو و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو زمانەکە خراوەتەڕوو، ئەمەیش ڕێگریی و بەربەستەکانی فێربوونی نێوان هەردوو زمانەکە ڕووندەکاتەوە.

**ناوەڕۆك و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکیی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان؛ لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، لە ڕووی تیۆرییەوە باسی فێربوونی زمانی دووهەم کراوە، هەروەها بۆچوونی قوتابخانەکانی زانستی زمان سەبارەت بە فێربوونی زمان خراونەتەڕوو. لە تەوەرێکی تریشدا هۆکارەکانی فێربوونی زمان باسکراوە.

لە بەشی دووهەمدا، دروستە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردییدا باسکراوە. هەروەها ڕیزبوونی کەرەستە سینتاکسیەکان لە دروستەی ڕستەدا دیاریکراوە.

لە بەشی سێهەمدا، دروستە سینتاکسییەکان لە زمانی عارەبییدا خراوەتەڕوو. دواتر ڕیزبوونی فرێزەکان لە دروستەی ڕستەی زمانی عارەبییدا دیاریکراوە. لە تەوەرێکی تری بەشەکەدا، ئەو لایەنە لەیەکچوو و جیاوازییانەی، کە لە نێوان دروستە سینتاکسییەکانی هەردوو زمانەکەدا هەیە دیاریکراوە.

**بەشی یەکەم:**

## 1- فێربوونی زمانی دووهەم

### 1-1- فێربوونی زمانی دووهەم لە رووی تێورییەوە

**یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، کە لە ئاژەڵ جیایدەکاتەوە زمانە، زمانیش بەشێکی چالاکی کلتوری مرۆڤە و کەناڵێکی بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەتی، هەر لە سەرەتای تەمەنیدا فێری دەبێت لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەرلەوەی باسی زمانی دووهەم و بنەماکانی فێربوونی بکەین باس لە زمانی یەکەم دەکەین.**

**زمانی یەکەم: ئەو زمانەیە، کە منداڵ لە دایك و باوکیەوە وەریدەگرێت، یان لەماڵەوە فێری دەبێت، کەساڵانی بەرایی تەمەنی تیایدا دەگوزەرێنێت ئەوەیش زانراوە، کە ئەم زمانە لە چوارساڵی سەرەتادا گەشەدەکات.[٣] زمان بەشێوەی لاسایی کردنەوەی دایك و باوەك وەردەگیرێت تا لە ئەنجامدا زمانەکە فێردەبێت، واتە باشترین و پاراوترین زمان لە زمانانەی تاك دەیزانێت دەکرێت ناوی لێبنرێت زمانی یەکەم، کە بە هیچ شێوەیەك فێربوونی ئەم زمانە بەرنامە بۆ دارێژراو نییە بەڵکو تاك لە ناو خێزانەوە فێری دەبێت.**

**زمانی دووهەم: زمانی بێگانەیشی پێدەگوترێت بریتییە لە فێربوونی زمانێك دوای زمان پژان)[٤] بەکارهێنانی ئەم زمانە زیاترلە دەرەوە دەبێت و بە پێی پێویستی بەکاردەهێنرێت. رەنگە لە وڵاتێکدا منداڵ زمانی یەکەمی زارێکی ناوچەیی بێت و دواتر لە قوتابخانە فێری زمانی فەرمی یان ستانداردی ئەو وڵاتە ببێت وەك ئەو وڵاتانەی زمانی بێگانەیان کردوە بە زمانی فەرمی.**

**لەم روانگەیەوە بە پێی رەوتی مێژووی گەشەسەندنی زانستی زمان قوتابخانە زمانییەکان ریزبەند دەکەین بیروبۆچوونەکان لەسەر فێربوونی زمان دەخەینەروو:**

1. قوتابخانەی بونیادگەری: بە تێڕوانینی بونیادگەرەکان فێربوونی زمان بریتیە لە رەخساندنی کۆمەڵە نەریتێکی دەنگی لە منداڵدا دایك و باوك و دەوروبەر لەگەڵ منداڵەکانیان قسەدەکەن و منداڵەکەیش گوێ لەو قسانە دەگرێت دووبارەیان دەکاتەوە واتە بە شێوەی لاسایکردنەوە فێری ئەو زمانە دەبێت. بونیاگەرە ئەمریکییەکان وەك ( بلۆمفێلد ـ واتسۆن) لەسەر بنەمای تیۆریی دەرونشیکاریی رەفتاریی دایاننـاوە، کە بنەمای سەرەکییان لەسەر کار و کاردانەوە، ورژاندن و وڵامدانەوە واتە قسەکەر دەربڕاوێك دەنێرێت بۆ گوێگر لەسەر بنەمای ئەو رەفتارە وڵامی بۆ دەربڕاوەکەی قسەکەر دەبێت)٣

2. قوتابخانەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی: ئەم زانستە لە کالێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە دەیەوێت گۆڕانە زمانییەکان بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات سەرهەلدانیشی هەرەمەکی نەبووە، بەڵکو چەندین زانا و زمانەوان کاریان بۆ دانانی بنەما و گەشەسەندنیان کردوە ( سۆسێر ـ مایا ـ هالیدای ـ هاریس ـ مالینۆڤسکی ـ جاکۆبسن ـ فیلمۆر. . . . . . هتد) رایان وایە قسەکردن کردەیەکی کۆمەڵایەتییەلە ناو کۆمەڵدا روودەدات مەبەست لە کۆمەڵایەتیبوونی قسەکردن ئەوەیە، کە منالْ چۆنێتی بەکارهێنان و دەوروبەری بەکارهێنان و نیشانە واتاییەکان کە لە کۆمەڵ رێکەوتنی لە سەر کردوە لە کۆمەڵەوە وەیدەگرێت. سەرەرای ئەمانەیش لە دووتوێی داتا زمانییەکاندا لایەنی کەلتور و رۆشنبیریی و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵەیش وەردەگرێت بۆنموونە لە یەکەم رۆژی لە دایکبونیانەوە منداڵی ساوا چ کور بێت یان کچ وەك یەکن وهیچ تایبەتمەندییەك لە هەلسوکەوتیان بەدیناکرێت، بەڵام دایك وباوك و کەسانی دەوروبەر و کۆمەڵ بەپێی کەلتوری باو هەوڵدەدەن تایبەتمەندی مێینەیی و نێرینەیی تێیاندا دروستبکەن.

3. قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە: ئەم قوتابخانەیە بە سود وەرگرتن لە فەلسفەی ئاوەزی دیکارت پێی وایە توانای فێر بوونی زمان بۆماوەییە و منداڵ خاوەنی بەرنامەی پێشوەخت و ئامادەکراوی زمانە. لە رێگای چەند یاساییەکی سنوردارەو دەتوانێت بێ کۆتا رستەی زمانەکەی دەرببڕێت ئەو رستانەیش لێکبداتەوە کە پێشتر نەیبیستووە، چۆمسکی پێی وایە فێربوونی زمانی دایك لەلایەن منداڵەوە لە سفرەوە دەستپێناکات فێربوونی زمان تەنها بەرهەمی ئەزموون نییە، بەڵکو بەشێکی زۆری لە رێگای بۆماوەزانییەوە دەگوازریتەوە بۆ مندال هەڵبەتە مەبەستی ئەوە نییە زمان بۆماوەییە و منداڵ کاتێك لە دایك دەبێت زمانی دایك و باوکی دەزانێت بەڵکو مەبەست لەوەیە مێشکی منداڵ لە رووی بۆماوە زانییەوە بەشێوەیەك دروستکراوە لە کاتی لە دایکبوندا ئەوتایبەتمەندییە هاوبەشانەی لەگەل خۆیدا هێناوە ئەم بنەما خۆرسکیانەیش دواتر یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی بە تەواوی زمانێکی وەك زمانی دایکی فێرببێت

4. قوتابخانەی ئەرکی: ئەم قوتابخانەیەیش لە رێگای دید و تێروانینی خۆیانەوە شرۆڤەی زمان دەکەن و پێیان وایە زمان پژان لە رێگای درکپێکردن و تێگەیشتنی مەعریفییەوە روودەدات، ئامرازەکەیشی تێبینیکردنە واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی لە ژینگەوە وەریدەگرێت زمانی دەپژێت، رێبازی ئەرکی بەوە لە رێبازەکانی تر جیادەکرێتەوە

**كە بوون و دروستبوونی زمان لە لایەکەوە بەبوونی کۆمەڵ و لە لایەکی ترەوە بەو ئەرکانەوە گرێی دەدات کە زمان ئەنجامی دەدات واتە ئەرکییەکان پێیان وایە رەگی زمان درێژدەبێتەوە بۆ بنیادی کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەکانییەوە زمان لە کەلتور و داب ونەریت دانابڕدرێت. ئەم قوتابخانەیە لێکدانەوەکانیان لە چوارچێوەی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی واتای وشە و ئەرکی رێزمانیی دەربڕاوەکان و ناوەڕۆکیاندایە باوەڕیشیان وایە زمان و وشەکانی بە بێ بەکارهێنانیان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا هیچ واتای نابێت هەروەها باوەڕیان وایە سروشتی داهێنەریی زمان نییە بە لکو دەڵێن زمانبەکارهێن داهێنەرە بەو پێیەی دەتوانێت هەموو واتایەکی نوێ دەربڕێت و تێبگات.**

## 1-2- هۆکارەکانی فێربوونی زمانی دووهەم

**پرۆسەی فێربوونی زمان پرۆسەیەکی ئالۆز و گرانە کۆمەڵێك هۆکار هەن کار لەسەر فێربوونی زمان دەکەن، کە بەکورتی لێرە دەیان خەینەروو:**

1. **هۆکارە ناوەکییەکان: هۆکارە ناوەکییەکانی فێربوونی زمانی دووهەم پەیوەندی بە خودی فێرخوازەوە هەیە دەکرێت ئەم هۆکارانە لە چەند خاڵێکدا بخەینەروو:**

**أ. تەمەن: لە توێژینەوەکانی بواری فێرکردنی زمانی دووهەمدا بە شێوەی گشتی تەمەنی منداڵی بە گونجاو تر دادەنێن بەهۆی ئەوەی لایەنی بایۆلۆجییەوە مێشکی منداڵ ئامادەیە و رونترە بۆ وەرگرتنی داتای نوێ کۆگای یادەوەری بەتاڵترە لە هەمان کاتدا کەسایەتی منداڵ بۆ لاسایکردنەوە رێگە خۆشکەرە بە بەراوردی تەمەن گەورەکان چونکە منداڵ ترسی هەڵەکردنی نییە.**

**ب. ئارەزوو: زۆربەی کارەکانی مرۆڤ پەیوەندی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان بە ئارەزووەکانییەوە هەیە فێربوونی زمانی دووهەمیش بەرادەیەکی زۆر پەیوەستە بە حەز و ئارەزووە وە ئەگەر هاتوو فێربوونی زمانی دووهەم یەکێك بێت لە حەز و ئارەزووەکانی فێرخواز ئەوا فێر بونی ئەو زمانە ئاسان دەبێت.**

**ج. کۆمەڵایەتی بوون: یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی فێربوونی زمانی دووهەم کۆمەڵایەتی بوونی فێرخوازە واتە ئەو فێرخوازانەی لایەنی کۆمەڵایەتییان بە هێزە ئاسانتر و خێراتر تێکەڵی خەڵکانی دەوروبەر دەبن لە پەیوەندی کردنیان بە دەوروبەریانەوە چالاکترن. ئەم بنەمایە زیاتر بۆ ژینگەیەکی سروشتی زمانەکە دەست دەدات فێربوونی زمانی کوردی لە کوردستان یان فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە بەریتانیا.**

2. **هۆکارە دەرەکییەکان:**

**ژینگەیی زمانی: مەبەست لە ژینگەیی زمانی ئەو شوێنەی فێرخواز زمانی دووهەمی تێدا فێردەبێت لێرەدا باس لە دوو ژینگە دەکرێت ئەوانیش ژینگەی سروشتی و دروستکراوە، ژینگەی سروشتی لە فێرکردنی زمانی دووهەمدا**

سەرکەوتووترە، هەرچی ژینگەی دروستکراوە ژینگەی ناو پۆل دەگریتەوە فێرکردنی زمانی دووهەم بەشێوەی بەئاگایی دەگرێتەوە زیاتر گرنگی بە یاسا ڕێزمانییەکان دەدات.

ب. بەرنامەی حکومەت: بەرنامەی حکومەت بۆ فێرکردنی زمانێکی دیاریکراو کاریگەری زۆری هەیە لەفێرکردنی زمانی دووهەمدا کاتێك حکومەت لە پرۆگرامەکانی حکومەت خوێندا گرنگی بە هەر زمانێك بدا فێربوونی ئەو زمانە

**هۆکارە زمانییەکان:**

فێربوونی زمانی دووهەم پەیوەندی بە خودی زمانەکەوە هەیە نەك فێرخواز ئەو زمانانەی سەر بەیەك خێزانە زمانن هاوبەشی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت ئەم هاوبەشییە لە نێوان زمانەکاندا یارمەتی فێرخواز دەدات ئاسانتر فێری ئەو زمانە ببێت بە بەراورد بە زمانێك کە هیچ هاوبەشییەك لە نێوانیاندا نییە فێربوونی زمانی فارسی بۆ کورد ئاسانترە لە فێربوونی زمانی چینی و ژاپۆنی بەهۆی ئەوەی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی زمانی لە نێوانیاندا نییە.

**ئاستەکانی زمان**

ئاستی دەنگسازی: دەنگ بچوکترین دانەی زمانە و بناغە و هەڵگری واتای وشەکانی زمانە، تا چەند دەنگەکانی زمانی دووهەم هاوشێوەی زمانی یەکەم بێت پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووهەم ئاسانتردەکات بەپێچەوانەشەوە تا چەند دەنگەکانی زمانی دووهەم جیاوازتر بێت پرۆسەی فێردنی زمانی دووهەم گرانتر و هێواشتر دەبێت چونکە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ فێربوونی دەنگەکان و یاساو ڕێسا فونۆلۆژییەکانی ئەوە زمانە.

ئاستی وشەسازی: هەموو زمانەکانی دونیا لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە یاسایی تایبەت بە خۆیان هەیە پێهکاتەی مۆرفیمەکانیان بە چ شێوەیەکە واتە ژمارەی مۆرفیمە سەربەخۆکانی زیاترە یان یان لە ڕێگەی پاشگر و پێشگرەوە وشەکانیان دروستکراون ئەگەر یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی دووهەم هاوشێوە بن ئەوا ئەو لێکچونانە وا دەکات ئاسانتر فێری ئەوە زمانە ببن.

ئاستی ڕستەسازی: ئەو بەشەی لە ڕستە و پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان دەکۆڵێتەوە پێیدەڵێن سینتاکس. واتە ئەم ئاستەی زمان لە چۆنیەتی ریزبون و دانەپاڵی وشە و مۆرفیمەکانی زمان ەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی یەکەیەکی لە خۆیان گەورەتر کە ڕستەیە هەر زمانێك یاسای ڕستەسازی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ریزبوونی کەرەستەکانی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەم ریزبوونە گۆڕانی بەسەرا دێت مەبەست لەوەیە ئەم ریزبوونە لە نێوان زمانەکان هاوبەشە یان نزیکە لە یەکترەوە هەندێك جاریش جیاوازن لە رێبازی بەراوردکاریدا کار لەسەر خالە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان زمانەکان دەکرێت بەمەستی سود وەرگرتن لێیان بۆ فێربوونی زمانی دووهەم ئەمەیش خودی کارەکەی ئێمە دەگریتەوە یاسا هاوبەشەکانی نێوان زمانەکان فێرخواز بە ئاسانی وەیدەگرێت بەکاتێکی کەم و بەئاسانی

فێریان دەبێت بەبەراورد بەو یاسایانەی کە لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی زۆریان هەیە هەر بۆیە ئاستی ڕستەسازیو یاسا ڕێزمانییەکان بە هەر دوو لایاندا (ئەرێنی و نەرێنی ) کاریگەریی زۆر لەسەر فێربوونی زمانی دووهەم دروستدەکەن.

## بەشی دووهەم:

## 2- ریزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوریدا

هەر زمانێك ڕێگایەکی هەیە بۆ نیشاندانی پەیوەندی سینتاکسی نێوان کەرەستەکانی لە چوارچێوەی ڕستەدا کە وەکو کەرەستەیەکی واتایی و ڕێزمانی تەماشادەکرێت (ریزبوونی وشەکان ئەوەیە کە ئاماژە بۆ پەیوەندی ئاسۆیی نێوان وشە و فرێزەکان دەکات لە چوارچێوەی دانەی گەورەتردا.ٰ ئەم ریزبوونەیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێت، بەشێوەی گشتی ڕستەی هەموو زمانەکان لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێن ئەوانیش (بکەر ـ بەرکار ـ کردار )ە هەر زمانێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە ریزبوونی کەرەستەکانی بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهان بە بکەر دەستپێدەکەن کەرەستەکانی تر بەدوایاندا دێت

زمانی کوردیی ( S O V )

زمانی ئینگلیزیی ( S V O )

زمانی عارەبیی ( S V O / V S O)

لە زمانی عارەبییدا کەرەستەکانی بە کردار دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەوانەیشدا زۆر جار ریزبوونی کەرەستەکان گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی ویست و ئارەزووی قسەکەر جێگۆرکی بەکەرەستەکان دەکرێت.

ریزبوونی ئازاد: لەم جۆرە ریزبونەدا قسەکەر بەپێی ویست و ئارەزویی خۆیی جێگۆرکی بەفرێزەکانی ڕستە دەکات، بێ ئەوەی ئەرکی سینتاکسی فرێزەکان واتایی ڕستە گۆرانکاری بەسەردا بێت.

1- ئەمرۆ من بەپەلە چووم بۆ زانکۆ.
2- من ئەمرۆ بەپەلە بۆ زانکۆ چووم.

لەم جۆرە ریزبوونەدا زیاتر کەرەستە سەربارەکان جێگۆرکێ بە شوێنەکانیان دەکرێت چونکە کەرەستە سەربارەکان شوێنی بنجی و چەسپاویان نییە لە ڕستەدا لە نموونەکانی سەرەوە فرێزی پێشناوی و ئاوڵکردارەکان کەرەستەی سەرەکی نین لە ڕستەدا بە ویست وئارەزوی قسەکەر جێگۆرکی بە شوێنەکانیان دەکرێت.

ریزبوونی چەسپاو: ئەو ریزبوونەیە هەر جێگۆرکێیەك بە فرێزەکانی ڕستە بکرێت ئەکی سینتاکسی فرێزەکان و واتایی ڕستەکان دەگۆڕێت واتە لەم جۆرە ریزبوونەدا دەبێت کەرەستەکان پابەندی ریزبوونەکەیان بن.

3- من کتێبەکەم بە لەند دا.
4- لەند کتێبەکەی بەمن دا.
5- پیاوەکە مارەکەی کوشت.
6- مارەکە پیاوەکەی کوشت.

ئەو جێگۆڕکییانەی لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە ئەرکی سینتاکسی فرێزەکان و واتایی گشتی ڕستەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

## 1-2- فرێزی ناویی:

کەرەستەیەکی سەرەکی و بنجیە لە ڕستەدا (سادەترین فرێزی ناوی لە ناوێك یان ڕاناوێك پێکدێت.[*] واتە سەرەی فرێزی ناوی لە ناوێك یان ناوئاسایەك پێکدێت.

7- کاوە هات.
8- ئەو دەچێت بۆ زانکۆ.
9- خوێندن چرای ژیانە.

دەکرێت سەرەی فرێزی ناوی لە ڕێگەی چەند دەرخەرێکەوە فراوانبکرێت ئەوانیش دەرخەرەکانی پێش سەرە و دەرخەرەکانی دوایی سەرەیە.

دەرخەرەکانی پێش سەرە Specifiers

دەرخەرەکانی پێش سەرە: لە ڕێگای هەندێك کەرەستەوە فرێزی ناوی بە بێ مۆرفێمی خستنەپاڵ فراواندەکرێت لەگەڵ ناوەکە لێکدەدرێت.[*] کەرەستەکانیش ئەمانەن:

ـ تاکبەندەکان : ئەو کەرەستانەن ئەرکی سنوردانان دەبینن ( تەنیا، هەر، بەس، تەنها. . . . . . . هتد) پێش ناوە دیارخراوەکە دەکەون و پێویستی بە مۆرفێمی خستنەپال نییە.

10-تەنیا هیوا هات.
11-تەنها هەر کارزان دەچێت بۆ هەولێر.

**ـ نیشانە: مەبەست لە نیشانە جێناوی نیشانەیە کەئاماژە بۆ ئەو ناوەی لە دوایی نیشانەکەوە دێت دەکات**

12-ئەم گوڵە جوانە.

**ـ ژمارە / رادە: ژمارە لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت کە بڕێکی دەستنیشانکراو دیاردەکات، بەڵام رادە بڕێکی نادیار دیاریدەکات.**

13-چوار کتێبم کری.
14-هەندێك کتێبم کری.
15-. وشەی نەفی (نەرێ):
16-هیچ کتێبێك مەبە.

**ـ ئاوەڵناو لە پلەی باڵا:**

17-باشترین کتێبم کری.

**ـ ناسناو ( ماموستا، مەلا، دکتۆر، شێخ. . . . . . . . . . . . . . هتد)**

18-دکتۆر کارزان هاتووە.

**دەرخەرەکانی دوایی سەرە** Modifiers

**مەبەست لەو وشە یان فرێز یان پارستانەیە، کە دەتوانن وەك دەرخەر بە یاریدەی مۆرفێمی خستنەسەری (ی، ە)وە دوایی سەرەی فرێزی ناوی بکەون)4 ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کەرەستەکان دروست دەبێت پەیوەندیەکی شوێکەوتووە، چونکە دوایی سەرەکان دیاخەرەن بۆ سەرە، دیارخەرەکانی دوایی سەرەیش ( ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاووگ،..)ن**

19-شار ی کەرکوك رەمزی ئاشتی پێکەوە ژیانە.
20-کورێکی زیرەك هات.
21-کورە زیرەکەکە هات.
22-باوکی ئێوە ئەندازیارە.
23-بەرهەمی خوێندن سەرکەوتنە.

## 2-2- فرێزی ئاوەڵناویی:

**دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی بە هۆی دوو ئەرکەوە دەناسرێتەوە کە سەر و دەرخەرن سەر لەم جۆرەدا هەمیشە ئاوەڵناوە ئەگەر فرێزی ئاوەڵناوی تەنیا لە سەرێك پێکهاتبوو ئەوا بەفرێزی ئاوەڵناوی سادە ناودەبرێت. ئەم جۆرە فرێزە بەکەرەستەی لاوەکی دادەنرێت لەڕستەی زمانی کوریدا جگە لەو کاتانەی لەدەمکاتی ئێستا وەکو تەواوکەر دەردەکەون واتە فرێزی ئاوەڵناوی بونی سەربەخۆی خۆیی نییە بەڵکو لەچوارچێوەی فرێزی ناوی بوونیان هەیە.**

24-پیاوێکی زۆر باش دەناسم.

## 3-2- فرێزی پێشناویی:

**مەبەست لە پێشناو ئەو کەرەستانەن دەکەونە پێش ناو یان ناوئاسایەك رێگە خۆشدەکەن بۆ کەرەستەکانی دوایی خۆیان، لەم جۆرە فرێزدا پێشناوەکان سەرەی فرێزەکەن کەرەستەکانی تر دەبنە دیارخەر. ئەم دوو کەرەستەیە بەشێوەیەکی رێکخراو پێکەوە دێن جیابوونەوەیان دەبێتە هۆی تێکدانی فرێزەکە.**

25-*کتێبەکەم لە ـــ وەرگرت

26-*کتێبەکەم ـــ ئازاد وەرگرت

27-کتێبەکەم لە ئازاد وەگرت.

## 4-2- فرێزی کرداریی:

**فرێزی کرداریی لە کردارێك پێکدێت، کە سەری فرێزەکەیە. لە کرداری تێنەپەڕدا سەری فرێزەکە تەواوکەر وەرناگرێت، بەڵام لە کرداری تێپەڕدا، سەری فرێزەکە تەواوکەر وەردەگرێت. ژمارەی تەواوکەرەکان بەپێی هێز و بەبڕشتیی کردارەکە جیاوازن، واتە کرداری یەك-هێزیی و دوو هێزیی .. دیاریکراون. هەروەها دەتوانرێت فرێزی ئاوەڵکرداریی و فرێزی پێشناویی بکرێتە دەرخەری کردارەکە، بەڵام ئەم دەرخەرانە دەبنە فرێزی سەرپشکیی بۆ کردارەکە، تەنها زانیاریی لە سەر (کات، شوێن، چۆنیەتیی..) کردارەکە دەدەن.**

28-کاوە [هات].

29-کاوە [سێوەکەی خوارد].

30-کاوە [نامەکەی بە من دا].

**لە ڕستەی یەکەمدا، لە دروستەی فرێزە کردارییەکەدا (هات) تەنها لە سەری فرێزەکە پێکدێت. لە ڕستەی دووهەمدا، لە دروستەی فرێزە کردارییەکەدا (سێوەکەی خوارد) جگە لە سەری فرێزەکە (خوارد) فرێزێکی ناویی (سێوەکە) بووە**

به تەواوکەری سەرەکە. لە ڕستەی سێهەمدا، لە دروستەی فرێـزی کرداریيەکـەدا (نامەکـەی بـە مـن دا) جگـە لـە سـەری فرێزەکە؛ دوو فرێز وەکو تەواوکەر دەرکەوتوونە فرێزی ناویی (نامەکە) و فرێزی پێشناویی (بە من).

## 5-2- ریزبوونی کەرەستە لە ڕستەی زمانی کوردییدا:

زمـانی کـوردی وەك هـەر زمـانێکی تـر خـاوەنی تایبەتمەنـدی ڕێزمـانی خۆیـەتی لـە رووی دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسازییەوە لە هەندێك باردا لە گەڵ زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن و لە هەندێك باری تریشدا جیاوازن.

ریزبوونی کەرەستە لە ڕستەی سادە دا

ڕستەی سادە لە زمانی کوریدا دەکرێتە سێ بەشەوە ئەمانەن:

رستەی سادەی ئاسایی: پێکهاتەی ئەم جۆرە ڕستانە تـەنیا دیـارخراوی فرێزەکـان یـان سـەرەی فرێزەکـان بـوونی هەیـە، ئەوانیش فرێزی ناوی و فرێزی کردارین.

31-هیوا هات.

32-هیوا نامەکەی نوسی.

ڕستەی سادەی فراوانکراو: ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە پێکهاتەی فرێزی ناوی و فرێزی کرداری لە رێگای دەرخەرێکەوە فرواندەکرێت، وەکو کەرەستەیەکی (زیادە) سەربار لەگەڵیان دێن.

33-ئەمرۆ ئاهەنگێکی گەورە لە شاری سلێمانیی ئەنجامدرا.

سادەترین ڕستە: سادەترین ڕستە لە زمانی کورییدا لە رەگی کردار و پێداویستیەکانی پێکدێت، کە تاکە وشـەیەکن لـە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا وشەیە لە ئاستی سینتاکسدا ڕستەن. واتە پێکهاتەی ڕستەیەك لە ناو تاکە وشـەیەکدا کۆدەبێتـەوە بە شێوەی گشتی ئەم ڕستانە لە سێ بەش پێکهاتوون، کە ئەوانیش رەگی کردار و مۆرفێمەکانی کات و کەسن.

34-هات.

ئەم ڕستانە بەپێی جۆری کردارەکە جێناوی کەسی کە ئەرکی (بکەری /بەرکاری ) دەبیـنن دەگۆردرێت واتـە تێپـەری و تێنەپەری یان رابردوو و رانەبردوو.

بەشێوەی گشتی قالبەکانی ریزبوونی کەرەستە لە ڕستەی زمانی کوریدا ئەمانەن:

1. بکەر + کردار

هیوا هات.

2. بکەر + بەرکار + کردار

هیوا سێوەکەی خوارد.

3. بکەر + تەواوکەر + کردار

هیوا زیرەکـــــە.

4. بەرکار + بکەر + کردار

پەنجەرەکە منداڵەکە شکاندی.

5. بکەر + بەرکار + کردار + تەواوکەر

منداڵەکە بەردێکی خستە چاڵەکەوە.

6. بکەر + کردار + تەواوکەر

منداڵەکە کەوتە چاڵەکەوە.

## بەشی سێهەم:

## 3- دروستەی فرێز لە زمانی عارەبییدا

دروستەی فرێز لە زمانی عارەبییدا (وەکو هەموو زمانەکانی تر) لە سەرێك پێکدێت، کە بەپێی پارامەتری سەر دەکەوێتە سەرەتاوە، واتە زمانێکی سەر-سەرەتایە. جێکەوتەی سەر پەیوەست بە تەواوکەرەوە لە دروستەی ڕستە و فرێزەکانی زمانی عارەبییدا دەکەونە پێش تەواوکەرەوە. ئەمەیش بەڕوونیی لە دروستەی فرێزی ڕستە و فرێزی دیاریکەریی DP و فرێزی پێشناویی PPدا دەردەکەوێت.

### 1-3 دروستەی فرێزی ناویی و ئاوەڵناویی:

فرێزی ناویی لە زمانی عارەبییدا لە سەرێك پێکدێت، کە ناوە، بڕوانە (1):

1) طالب، طالبان، طلاب، . . . (خوێندکار، (دوو) خوێندکار، خوێندکاران)

ئەگەر ناوەکە ناوێکی گشتیی ناسراو بوو، ئەوە دەتوانێت نیشانەی ناسراویی /الـ - / وەربگرێت:

2) الطالب، الطالبان، الطلاب، . . . (**خوێندکارەکە، (دوو) خوێندکارەکە، خوێندکارەکان)**

**لە دۆخی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییدا، کاتێك ئاوەڵناو دەخرێتەسەر ناوەکە؛ ئەگەر ناوەکە ناسراو بێت یان نەناسراو، تاك، جووت/دووانەیی (مثنی) بێت یان کۆ، نیشانەی ناسراویی / الـ -/ و نیشانەی جووت/دووانەیی /-ان، ین/ ونیشانەی کۆ /- ات، ون، ین/ لە ناوەکە جیانابنەوە. بەڵام ئاوەڵناوەکە لە ڕووی کەس، ژمارە و ڕەگەزەوە لەگەڵ ناوەکە ڕێکدەکەوێت**

**تر. سەری فرێزە خستنەپاڵییەکە ئاوەڵناوە وەکو** (جميل، سعيد، . . )**، فرێزە ناوییەکە دەبێتە تەواوکەری سەری فرێزەکە (بڕوانە** (3-6))**:**

3) سَمِعتُ [صَوتاً جميلاً]. **(گوێم لە دەنگێکی خۆش بوو).**

4) رأيتُ [طِفلانِ سعيدانِ ]. **(دوو منداڵی (نێر) دڵخۆشم بینیی).**

5) [الطلابُ الأذكياء] مُثابِرونَ في دروسِهِم. **(خوێندکارە زیرەکەکان لە وانەکانیان کۆڵنەدەرن).**

6) [العامِلاتُ الماهِرات] يُبدِعنَ في أعمالِهِنَ. **(کرێکارە لێهاتووەکان (مێ) لە کارەکانیاندا داهێنان دەکەن).**

## 2-3 **دروستەی فرێزی کرداریی:**

**دروستەی فرێزی کرداریی لە سەرێك پێکدێت، کە کردارە** (أكل، يشرب، ذهبَ، . . )**. بە پێی بە بڕشتیی و هێزی کردارەکە جۆر و ژمارەی تەواوکەرەکان دەگۆڕێت (بڕوانە** (7-9))**.**

7) يَنام **(دەنوێت).**

8) نأكلُ الطعام **(خواردنەکە دەخۆین)**

9) أعطَيتُ الهدية لِصَديقي **(دیارییەکەم بە هاوڕێکەم دا)**

**لە** (7)**دا، دروستەی فرێزی کرداریی‌یەکە تەنها لە سەری فرێزەکە پێکدێت، کە کردارەکەیە** (يَنام)**، واتە هیچ تەواوکەرێك لە دروستەی فرێزەکەدا نییە. بەڵام لە** (8)**دا، فرێزە کرداریی‌یەکە جگە لە سەری فرێزەکە** (نأكل) **فرێزێکی ناویی وەکو تەواوکەر لە دروستەکەدا هەیە** (الطعام)**، کە تەواوکەری سەرە. لە** (9)**دا، لە فرێزە کرداریی‌یەکەدا دوو تەواوکەر دەردەکەون، کە فرێزی ناویی** (الهدية) **و فرێزی پێشناویی** (لصديقي)**ە. فرێزە پێشناوییەکەیش لە ڕێگەی پێشناوی (لـ)ەوە دەرکەوتووە، دروستەی فرێزە کرداریی‌یەکە بەبێ پێشناوەکە دروستەیەکی دروست و ڕێزمانیی نابێت (بڕوانە** (10))**.**

10) * أعطيتُ الهديةَ صديقي.

## 3-3 **دروستەی فرێزی ئاوەڵکرداریی**

دروستەی فرێزی ئاوەڵکرداریی لە سەرێك پێکدێت، کە ئاوەڵکردارە. فرێزە ئاوەڵکرداریيەکان بەشێوەیەکی گشتیی وەکو فرێزی سەرپشکیی (سەربار) دەردەکەون و زانیاریی زیادتر لەسەر (کات، شوێن، چۆنییەتیی،. هتد) کردارەکە دەدەن (بڕوانە (11، 12)).

11) وصَلنا الى البيت. (گەیشتینە ماڵ)

12) [الآن] وصَلنا الى البيت. (ئێستا گەیشتینە ماڵ)

لە (11)دا، هیچ فرێزێکی ئاوەڵکرداریی دەرنەکەوتووە، بۆیە نازانرێت، کە بەتەواوەتیی کەی کردارەکە ڕوویداوە، هەرچەندە کاتی کردارەکە بۆ ڕابوردووە. بەڵام لە (12)دا، لە ڕێگەی فرێزی ئاوەڵکرداریی (الآن)ەوە زانیاریی زیادتر و دیارییکراوتر لەسەر کاتی ڕوودانی کردارەکە خراوەتەڕوو.

## 4-3 دروستەی فرێزی پێشناویی

دروستەی فرێزی پێشناویی لە سەرێك پێکدێت، کە پێشناوە وەکو (الى، في، /لـ -/، . . ) و تەواوکەرێکیش وەردەگرێت، کە فرێزی ناوییە (بڕوانە (13-15)).

13) في البيت ( لە ماڵەکە)

14) الى أخي (بۆ براکەم)

15) أعطَيتُ الهدية [لِصَديقي] (دیارییەکەم بە هاوڕێکەم دا)

لە (13-15)دا، هەر سێ پێشناوی (الى، في، /لـ -/) سەری فرێزە پێشناوییەکەن، فرێزە ناوییەکانی (البيت، أخي، صديقي) تەواوکەری سەرن.

## 5-3 دروستەی ڕستە لە زمانی عارەبییدا

### 1-5-3 بەشەکانی ڕستە

دروستەی ڕستەی زمانی عارەبیی وەکو هەر زمانێکی تر لە سۆنگەی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەوە لە دوو بەش پێکدێت: بەشی کرداریی و بەشی بکەریی[17].

**بەشە کردارییەکە لایەنی کەمی لە فرێزێکی کرداریی پێکدێت، بەشـە بکەرییەکـەیش لـە فرێزێکـی نـاویی پێکـدێت (بڕوانە (16، 17)).**

16) نامَ الطِفلُ. **(منداڵەکە نوست)**

17) مَن أكلَ التفاحة؟ **(کێ سێوەکەی خوارد؟)**

**دروستەی ڕستەی (17) بەشێوەی هێڵکاریی درەختیی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**




## 2-5-3 پارامیتەری سەری ڕستە

**پەیوەسـت بـە پارامیتـەری سـەری ڕسـتە و جێکەوتـەی فرێـزی کرداریـی لـە ڕسـتەدا؛ دوو گرییمانـە کـراوە. گرییمانـەی (1) فرێـزی کرداریـی لـە سـەرەتای ڕسـتەوە دێـت. واتـە ئەگـەر کردارەکـە تێپـەڕ بێـت، ئـەوە سەرەوڕیزبوونی (VSO) پێڕەودەکات[xviii]. گرییمانەی (2) فرێزی کرداریـی دەکەوێتـە دوای بەشـە بکەرییەکـەی ڕستەوە، واتە سەرەوڕیزبوونی (SVO) پێڕەودەکات.**

**داتاکان بۆ گرییمانەی (1) و (2) بڕوانە (18، 19):**

18) أكلَ محمدٌ الخبزَ. **(محەمەد نانەکەی خوارد)**

19) محمدٌ أكلَ الخبزَ.

**هەردوو گرییمانەکە داتا و هۆکار و هەنجەتی خۆی هەیە بۆ پاڵپشتکردنی، بەڵام لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا گرییمانـەی (2) بە پەسەندتر دەزانرێت و کاری پێدەکرێت، لەبەر ئەم هۆیانە:**

1. **بە پێـی تیـۆری بەرهـەمهێنان و گوێزانـەوە، فرێـزی کرداریـی لـە کـردار و تەواوکـەر (بـەرکار) پێکـدێت. پارامیتـەری سـەری ڕسـتە لـە ڕێگـەی جێکەوتـەی کـردار پەیوەسـت بـە جێکەوتـەی تەواوکـەرەوە**

دیارییدەکرێت. پۆلێنکردنی زمانەکان لە چێوەی ئەو پارامیتەرەوە دابەشکراون بۆ (OV) و (VO)، واتە بۆ سەر-سەرەتا و سەر-کۆتا. پەیوەندیی نێوان کردار و تەواوکەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، نەك ئەوەی لە ڕێگەی بکەرەوە بێت. هەموو بەشە-کردارییەك (پریدیکەیت) بەپێی هێز و بەبڕشتییەکەی خۆی ژمارە و جۆری تەواوکەر دیارییدەکات. ئەمە وادەکات جێکەوتەی تەواوکەر لە ناو فرێزە کردارییەکەدا بێت، چونکە کردار داوایدەکات، جیاواز لە جێکەوتەی بکەریی، کە فرێزی کردارییەکە (کردار+تەواوکەر) داوایدەکات، بۆیە دەکەوێتە دەرەوەی فرێزە کردارییەکەوە (بڕوانە (20)).

20) پەیوەندیی نێوان فرێزی کردرایی و جێکەوتەی بکەریی




2. جێناوەکان، کە بە وەچە-پۆلی ناو دادەنرێن و لە ڕستەدا بە فرێزی ناویی دادەنرێن، ناتوانن لە دوای کردارەوە دەربکەون، واتە گریمانەی دووهەم دەسەلمێنن.

21) أنا كتبتُ الرسالة. (من نامەکەم نوسیی).

22) نحن نادَينا محمد. (ئێمە محەمەدمان بانگکرد).

ئەگەر تەواوکەر لە شێوەی جێناوە لکاوەکاندا دەربکەوێت، ئەوە بە کردارەکەوە دەنووسێن، واتە ناتوانن بە بکەرەوە بنووسێن.

23) الرجلُ قرأ المجلة. (پیاوەکە گۆڤارەکەی خوێندەوە).

24) الرجلُ قرأها. (پیاوەکە خوێندییەوە).

25) *قرأ الرجلُ هـا.

لە (23)دا، فرێزە کردارییەکە لە کرداری (قرأ) و تەواوکەری کردارەکە (المجلة) پێکهاتووە. لە (24)دا، تەواوکەر لە شێوەی جێناوی لکاودا دەرکەوتووە (ها) و هەر لە ناو دروستەی فرێزە کردارییەکەدایە. بەڵام لە (25)دا، کاتێك تەواوکەر لە دروستەی فرێزە کردارییەکە دەرەچێت و لەتەنیشت بکەرەوە دادەنرێت، ڕستەکە دەبێت ناڕێزمانیی.

3. ئەگەر جێکەوتەی بکەریی بە وشەی پرس پڕبکرێتەوە، ئەوە تەنها لە سەرەتای ڕستەدا دەتوانێت دەربکەوێت. واتە وشەی پرس ناتوانێت لەتەنیشت تەواوکەرەوە دەربکەوێت.

26) مَتی أكلتَ الطعام؟ (کەی خواردنەکەت خوارد).
27) *أكلتَ مَتی الطعام؟

لە (26)دا، جێکەوتەی کردار و تەواوکەر لە دروستەی فرێزی کردارییدان (أكلتَ الطعام)، بەڵام کاتێك وشەی پرس (مَتی) لە (27)دا دەکەوێتە نێوان کردار و تەواوکەرەوە، ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانیی.

4. هەندێك جۆری کردار لە زمانی عارەبییدا هەیە، کە بە پێشناو کۆتاییان دێت، ئەم جۆرە کردارانە ناتوانن لەسەرەتای ڕستەوە دەربکەون، واتە ناتوانرێت لە دوای ئەو کردارانەوە بکەر دەربکەوێت، بەڵام بەخورتەکیی تەواوکەر لە دوایانەوە دەردەکەوێت. نموونەی ئەو کردارانە (وافَقَ علی، أعترف بِ، رغبَ عن،. . ).

28) الرجلُ وافقَ علی القرار. (پیاوەکە بڕیارەکەی پەسەندکرد)
29) *وافقَ علی الرجلُ القرار.

5. گریمانەی (2)، کە سەرەوڕیزبوونی فرێزەکان بەشێوەی (SOV) لە ڕستەدا ڕیزدەکات، ڕستەی ناویی (الجملة الأسمية) و ڕستەی کرداریی (الجملة الفعلية) لە زمانی عارەبییدا یەکدەخات. بەتایبەتیی ئەو ڕستانەی بە (المبتدأ و الخبر) دادەنرێن، چونکە ئەو ڕستانە بەبێ یاساکانی گواستنەوەی بەشە-کردارییەکە بۆ سەرەتای ڕستە؛ هەمییشە بەشە بکەرییەکە لە سەرەتاوە دەردەکەوێت، ئەمەیش بنەڕەتی سەرەوڕیزبوونی ڕستەی زمانی عارەبیی دەردەخات.

30) الطالِب ذكيٌ. (خوێندکارەکە زیرەکە).
31) محمدٌ في البيت. (محەمەد لەماڵەوەیە).

## 6-3- لەیەکچوو و جیاوازیی لە نێوان زمانی کوردیی و عارەبییدا

هۆكاره زمانییەكان؛ وەكو پێشتر لە (2-1)دا باسكرا، بە هۆكارێكی گرنگی فێربوونی زمانی دووهەم دادەنرێت. لەم ڕووەوە خستنەڕووی لایەنی لەیەكچوو و جیاوازیی لە ئاستی سینتاكسدا لە نێوان هەردوو زمانەكەدا، ئەو بەربەست و ڕێگرییانەمان بۆ ڕووندەكاتەوە، كە لە پڕۆسەی فێربوونی زماندا ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

دروستەی فرێزی ناویی لە زمانی كوردیی وعارەبییدا لە سەرێك پێكدێت، كە ناوە. ئەگەر گریمانەی فرێزی دیاریكەرییش DP وەربگرین، ئەوە لە زمانی كوردییدا پارامیتەرەكە سەر-كۆتایە، بەڵام لە زمانی عارەبییدا سەر-سەرەتایە. لە دروستەكەدا ناوەكە دەبێتە تەواوكەری سەری فرێزەكە:

32) پیاوەكە

33) الرجل

لە دروستەی خستنەپاڵیی ئاوەڵناوییدا، لە زمانی كوردیی و عارەبییشدا ئاوەڵناوەكە دەبێتە سەری فرێزەكە و سەر-كۆتایە:

34) مرۆڤێكی مەزن

35) كِتابٌ مفید

دروستەی فرێزی كرداریی لە زمانی كوردییدا پارامیتەرەكەی جیاوازە هەمبەر بە پارامیتەری سەری فرێزەكە لە زمانی عارەبییدا. زمانی كوردیی پەیڕەوی سەر-كۆتا دەكات، بەڵام زمانی عارەبیی سەر-سەرەتایە لە دروستەی فرێزی كردارییدا.

36) من [سێوەكەم خوارد].

37) أنا [أكلتُ التفاحة].

جێكەوتەی دروستەی فرێزی ئاوەڵكرداریی لە زمانی كوردییدا دەكەوێتە پێش فرێزی كردارییەوە:

38) ئێمە [ئێستا] گەیشتین.

39) ئێمە [درەنگ] هاتینەوە.

بەڵام لە زمانی عارەبییدا دەگونجێت فرێزی ئاوەڵكرداریی لە دوای فرێزی كردارییەوە دەربكەوێت، ئەمەیش لە زمانی كوردییدا ڕێگەپێنەدراوە:

40) نحن وَصَلنا [الآن].

41) [الآن] نحنُ وصَلنا.

42) نحنُ وصلنا [متأخِراً].

43) ⋆[متأخِراً ] نحنُ وَصَلنا.

44) *ئێمە هاتینەوە [درەنگ].

45) *ئێمە گەیشتین [ئێستا].

دروستەی فرێزی پێشناویی لە زمانی کوردیی و عارەبییدا لەیەکدەچن. هەردوو زمانەکە پێڕەوی پارامیتەری سەر-سەرەتا دەکەن:

46) من دیارییەکەم [بە تۆ ] دا.

47) أرسلتُ رِسالَة [الى صديقي].

دروستەی ڕستەی زمانی کوردیی پێڕەوی پارامیتەری سەر-کۆتا دەکات، بەڵام پارامیتەری زمانی عارەبیی لە ڕستەدا سەر-سەرەتایە. ئەوەیش بە جیاوازییەکی بنەڕەتیی نێوان هەردوو زمانەکە دادەنرێت.

48) فەرهاد کارەکەی تەواوکرد.

49) انتِ كتبتِ الرسالة.

## ئەنجام:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

- دروستە سینتاکسییەکانی نێوان زمانی کوردیی و عارەبیی لایەنی لەیەکچوو و جیاوازییان هەیە، ئەوەیش لە لایەکەوە هۆکارێکە بۆ فێربوونی زمانی هەر یەکێکیان (کوردێك عارەبیی فێربێت، یان بەپێچەوانەوە) ئەگەر لەیەکچوونەکەیان وەربگرین. لە لایەکی ترەوە دەتوانن ببنە ئاستەنگ و قورساییەك بۆ فێربوونی زمانی هەر یەکێکیان، ئەگەر لایەنی جیاوازییان وەربگرین.
- سەرەوڕیزبوونی کەرەستە و فرێزکان لە دروستەی ڕستەدا لە نێوان هەردوو زمانەکەدا جیاوازە. ئەوەیش کاریگەریی سەرەکیی هەیە لە فێربوونی هەر یەکێك لەو دوو زمانە لە نێوان خۆیاندا.
- خستنەڕووی دروستە سینتاکسییەکانی هەردوو زمانەکە، دواتر ئاشنابوونی ئەو کەسانەی دیانەوێت لە نێوان خۆیاندا فێری یەکێك لەم دوو زمانە ببن (کوردێك عارەبیی فێربێت، یان بەپێچەوانەوە) بەم دروستە سینتاکسییانە؛ وادەکات، کە کەسەکە خۆی لە هەڵەکان بەدووربگرێت. ئەمەیش کاریگەرییەکی تری دروستە سینتاکسییەکان دەردەخات.

---

## پەراوێزەکان:

[1] - سەلام ناوخۆش و نریمان خۆشناو ، زمانەوانی ، ژاپیەکەم ،چاپخانەی منارە،2010 هەولێر ل383

[2] - بێرنادکەمری،جیریددایەمەند،دیڤید هاریسن،زمان ،و.کامیل محەمەد،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشک،ل21

[3] محەمەد ڕەزا باتنی،چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ ،و هیرش کریم ،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،2012ل 49

[4] شیلان رحیم شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوریدا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی 2004 ل11

[5] نیك لاند، زمان و هزر،و.مستەفا غفور،چاپی یەکەم ،چاپخانەی مورکریانی،2016،هەولێر ل84

[6] ساجیدە عەبدولا فرهادی، ڕستە وپاش رستە چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس،2008،هەولێر ل15

[7] محمد على الخولي، في علم اللغة التقابلي، دار الافاق العربية القاهرة 2008 ،ل58

[8] سیروان سمین ، دروستەی سینتاکسی لە شێوەئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا ، نامەی ماستەر، زانکۆیی سلێمانی، 2015 ل 87

[9] تالب حسین ،هەندێك لایەن لە پەیوەندی ڕستە و واتادا ، چاپخانەی حاجی هاشم ،2014، هەولێر ل14

[10] وریا عومەر، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی بەرگی یەکەم ، چاپی دووهەم ، چاپخانەی ئاراس ، 2009 ل 156

[11] محەمەد عومەر عودل، کردەی تەواوکردن ،نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی ، 2008، ل 10

[12] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[13] ساجید عەبدولا، هەندێك لایەنی رستەسازی کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، 2013، هەولێر 32

[14] بڕوانە: محەمەدی مەحویی (2011: 150-151). و (Carnie, Andrew. (2001: 38 و ئارام ڕەشید مەجید (2016: 115-112)

[15] عەبدولا حسین .پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی

[16] Clive Holes (2004: 201)

[17] ظافر كامل عبدالرزاق (2011: 130)

[xviii] عبدالقادر الفاسي الفهري (1985: 104-105)

[xix] مصطفى غلفان (2010: 278) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان بۆکراوە

[xx] Cook and Newson (2007:83)

[xxi] مصطفى غلفان (2010: 280)

[xxii] سەرچاوەی پێشوو (280-281)

[xxiii] حمزة أحمد خلايفة (2013: 128-129)

[xxiv] ئەم جۆرە ڕستانە، کە زیادتر لە چەشنی (المبتدأ و الخبر)ن لە بەشە-کرداریيەکەدا کردار دەرناکەوێت، ئەمەیش بە 'سفر کەپولا zero copula ' دادەنرێت، واتە کردارەکە لە دروستەی ڕووکەشدا دەرناکەوێت (Japen Sarage (2014: 124)).

## سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردیی:

1. ئارام ڕەشید مەجید (2016) دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کرداریيدا، نامەری ماستەر، بەشی زمانی کوردیی-کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
2. بێرنادکەمری، جیریددایەمەند،دیڤید هاریسن،زمان ،و.کامیل محەمەد،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشك.
3. تالب حسین (2014) هەندێك لایەن لە پەیوەندی ڕستە و واتادا ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. ساجیدە عەبدولا فرهادی (2008) ڕستە وپاش رستە چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
5. ساجیدە عەبدولا (2013) هەندێك لایەنی رستەسازی کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
6. سەلام ناوخۆش و نریمان خۆشناو (2010) زمانەوانی ، ژاپیەکەم ،چاپخانەی منارە، هەولێر.
7. سیروان سمین ئەحمەد (2015) دروستەی سینتاکسی لە شێوەئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا ، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردیی سکولی زمان – زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
8. شیلان رحیم (2004) شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوریدا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
9. عەبدولا حسین .پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی
10. محەمەد عومەر عودل (2008) کردەی تەواوکردن، نامەی دکتۆرا زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
11. محەمەد رەزا باتنی (2012) چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ ،و هیرش کریم، چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج. سلێمانی.
12. محەمەدی مەحویی (2011) مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
13. نیك لاند(2016) زمان و هزر، و.مستەفا غفور، چاپی یەکەم ،چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
14. وریا عومەر، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی (2009 ) بەرگی یەکەم ، چاپی دووهەم، چاپخانەی ئاراس.

**بە زمانی عارەبیی:**

15. حمزة احمد خلايفة (2013) جهود كل من داود عبده و ميشال زكريا في المدرسة التوليدية العربية، رسالة دكتوراه، جامعة مؤتة
16. عبدالقادر الفاسي الفهري (1985) اللسانيات واللغة العر بية، ج1، دار توبقال، دار البيضاء،
17. ظافر كامل عبدالرزاق (2011). الجملة العربية في ضوء الدراسات اللسانية، رسالة دكتوراه، كلية الاداب- جامعة البصرة، البصرة.
18. محمد على الخولي (2008) فى علم اللغة التقابلى ،دار الافاق العربية القاهرة.
19. مصطفى غلفان (2010). اللسانيات التوليدية، عالم الكتب الحديث، الطبعة الاولى، الاردن.

**بە زمانی ئینگلیزیی:**

20. Carnie, A. (2001), Syntax, Blackwell Publishers.
21. Clive Holes (2004), Modern Arabic structure, Functions and Varieties. Georgetown university press. Washinghton D.C.

22. Cook, V. J. and Newson, M. (2007). Chomsky's Universal Grammar- an Introduction. 3rd edition. Blackwell publishing. UK.
23. Japen Sarage (2014) International Journal on Studies in English Language and Literature (IJSELL) Volume 2, Issue 11, November 2014, PP 119-126---www.arcjournals.org- English Education Department of Ahmad Dahlan University Yogyakarta, Indonesia